سەید حەکیم لەگەڵ شێخ عامر ئەلزاید بانگەشە بە یەکخستنی هەوڵەکان دەکەن بە یەکلایی کردنەوەی شایستەکان و بااڵا دەستکردنی بژێوەندی نیشتمانی

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی پیشوازی لە شێخ عامر ئەلفایزی سەرۆکی هاوپەیمانێتی تەسمیم کرد، لەم دیدارە باس لە چەندین تەوەری سیاسی و مەیدانی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە کرا.

سەماحەتی سەید حەکیم جەختی لەسەر گرنگی یەکخستنی هەوڵەکان و هەماهەنگی هاوبەش کردەوە بە یەکلاییکردنەوەی مافەکانی هەڵبژاردن و پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو و تەئکیدیشیکردەوە لەسەر گرنگی دانانی بەرژەوەندیی نیشتمانی بااڵا بەسەر بەرژەوەندییە تەسکەکانی تردا و گوتیشی پێویستە هەموو لایەنەکان بەرپرسیارێتی تەواوی خۆیان لە ووبەووبوونەوەی تەحداکانی دەوروبەری عێراق لە ئەستۆ بگرن..

لەسەر ئاستی ناوچەکە، سەماحەتی سەید حەکیم بانگەشەی بە کۆتایی پێ هێنانی شەڕی سەر کەماری ئیسلامی ئێران و دووپاتی کردەوەش کە گفتوگۆ و کاری دیپلۆماتی باشترین چارەیە بە گەلانەوەی سەقامگیری ناوچەکە، هەروەها هەشداری دا لەوەی بەردەوامی ئەو شەڕە زیان بەهەموو لایەنەکان دەگەیەنێت.